# گوڵدانەکانی سەفەرێك


## دەقی : تەها سلێمان

Tahasleman17@yahoo.com


(1)




تۆ گوڵدانێکم بۆبنێرە،

تامن لە چرۆکانی باخچەی ڕۆحم پڕی کەم لە گوڵ و

بەدەستی مووسافیرەکانی دڵمدا،

بۆتی بنێرمەوە

تۆ پۆرترێتی دیوی ناوەوەی هەناسەی خۆتم بۆ پۆست کەو

منیش مێژووی تەجەلاکانی تەمەنی خۆمت بۆ دەنووسمەوە

تۆ ئەگەر هاتیە شارەکەی من و

زەوارە ڕێکانی ماڵی دڵمت پێنەزانی،

بەخوا بڵێ ماڵی ئەو عاشقەی تۆ ناپەرستێ لەکوێیە؟

بەهەوری ئاوس بەباران بڵێ بتگەیەنێتە ناودڵی من و

پێشی بڵێ لەدووری هەزاران میلەوە بۆ دیداری من هاتووی

بە حەمەجانە شێتی بنەی خەپەکوێر بڵێ

من لەنەوەی کام تیرەی عەشق و

کام خوداوەندی شێتیم

کەهاتیە ماڵی ڕۆحم لە گوڵدانی دڵم بپرسە

کێ تەرِایی دەخاتە سەر لێوی قەتماغە بەستووم و

کێ لەئەفسوونی کوژەکەی شینی بەرتەوێڵی منالیم تێدەگا؟

کێ قەسیدەی تێکەڵ بوونی ڕەنگەکانی تەمەنم دەخوێنێتەوەو

کێ ئایەتە نەنوسراوەکانی کوشتنی جوانپەرستیم دەنوسێتەوە؟

من ڕەنگێکم تەنها خۆم و ئەو دەزانین،

لەکام ماڵی پڕ غەدردا لەدایک بووین

من هەناسەیەکم تەنها خۆم و ئەو دەزانین،

ئەفسوونی کام ئایەتی نەنوسراو دەمانباتەوە سەر شەجەرەی پشتا و پشتی یەك

ئەمشەو ئەستێرەی سێوەیل هاتەمیوانیم و پێی ووتم

لەوێوە لای شەمەوە

هاتووم پێت بڵێم تاقەتی مووتاڵای سرووتەکانی عەشقت هەیە؟

ئەمشەو تریفەی مانگ میوانداری کردم و پێی ووتم

لەوێوە لای شەمەوە

هاتووم پێت بڵێم دەتبەم لەسەر تریفەی ڕۆحی ئەوت دادەنێم

ئەمشەو لەخەونما نامەیەکت هاتە زمان و

پێی ووتم  ئارامبگرە وا(ئەوا) بەرەو کوخەکەی ناو دڵت دێ

(2)

ناو لەپم بگەڕێ

نوشتەیەک دەبینیتەوە وێنەیەکی ناخی منی تیایە و

ڕەنگی گوڵدانەکەی هەناسەی تۆی لێدێ

ئەوەمنم هاتووم شەرمن شەرمن

بۆنی گوڵە بەیبوونەکانی باخەڵت دەکەم و

هەم دیس بەشەرمەوە پێت دەڵێم

دڵی تۆ پڕە لە بەرائەت و

دڵی منیش تژی لەتۆ

ناو لەپم بگەڕێ

بزان بۆنی دایکمی لێدێ

چونکە دایکم لەسەرەتای مانگی کۆتایی ئەمساڵدا پێی ووتم

بە ئەو بڵێ وەک من خۆشی بوێ

بگەڕێ و من وەک پارچەیەک لە جەستەت بدۆزەوە

بگەڕێ و من وەک گەریدەیەکی بەئاگا لەعەشق بدۆزەوە

بگەڕێ و من وەک خۆتی پڕاو پڕ لە تامی بادەم هەڵژەنە لە لەزەتی توورتی ماچەکانت

(3)

گوڵدانەکەم گەشتەوە دەست

گووناهی من نەبوو بۆنی ماڵەکەی تۆی لێدەهات

گووناهی من نەبوو سەلاوی نهێنی تۆی پێگەیاندم و

پێی ووتم

ئەو زۆر گرفتارە بە عەشقی نالی و
خەریکە بۆ ئێرەی هەمیشە گریاو لە شەقەی باڵ دەدا
پێی ووتم
ژوانێک نیە تیایدا تۆی بیر بچێتەوە و
شەوێک نیە خەون بە تۆوە نەبینێ و
خەونێک نیە بۆ تۆ نەیکا بە قەسیدە و
قەسیدەیەک نیە بۆتۆی نەنێرێ
(4)
گوڵدانە سەلارەکەی ماڵی دڵی من
ئەم جارە چویتەوە بۆ لای ئەو
پێی بڵێ هەموو جارێ بۆ ئەو دەبمە وەلی و
بۆ شەم دەگریم
ئەم جارە بیرت نەچێ
تاڵێ لە زووڵفی خەنەیی ئەوم بۆ بێنیتەوە
بۆ ئەوەی لە جەژنی سەری ساڵدا
بێبۆنی هەناسەی ئەو نەبم و
بێیادەوەری ئەو
پێکە شەرابەکەی دواین ساتەکانی ساڵ نەنۆشم

**کۆتایی مانگی** 2006/12

**تێبینی : ئەم هۆنراوەیە درێژەی هەیە**